به بۆنەی 30ەمینساڵرۆژی خۆپیشاندانی ژنان دژ بە حیجابی زۆرەملی لە ئێران

# خەباتی ژنان (کارزار زنان) بەرەوپیری 8ی مارسی 2009، رۆژی جیهانی ژن دەچێت!

ئەوا سیهەمین ساڵرۆژی گەورەترین خۆپیشاندانی ژنانی ئێران لە مانگی مارسی 1979دا کە لە دژی حۆکمی خومەینی لەسەر حیجابی زۆرەملی و بەرپاکردنی یاسای ئیسلامی لەدژی ژنان بەڕێوەچوو، نزیک دەبێتەوە. ئەم خەباتە بێگومان خاڵێکی وەرچەرخانە لە بزووتنەوەی ژنان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. ئەم خۆپیشاندانە گەورەترین و یەکەمین "نەء"ی ژنانی ئێران بوو بە هەموو ئەو یاسا دژ بەژنەی کە سەرچاوەکەی ئایین و شەریعەت بوو. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتایەک بوو بۆ سی‌ساڵ بەرەنگاربوونەوە و خەباتی ژنانی ئێران لەدژی دەسەڵاتی کۆنەپرستانەی رژیمێک کە بناغەکەی لەسەر بندەستی و سەرکوتکردنی ژنان دارێژراوە.

لە هەلومەرجێکدا کە ژنانی ئێران لە ریزی یەکەمی قوربانیانی هەژاریو چارەرەشی، نەبوونی هێمنایەتی و سەرکوتکردن و ئاکامەکانی بەڕێوەچوونی بەرنامە رووخێنەرەکانی سیستەمی سەرمایەدارین لە جیهاندان، ئەوە کامە ئاسۆ و بەرنامەی سیاسییە کە دەتوانێت رێگاچارەی خەباتی ژنان و بەرەنگاربوونەوە و ململانێ لەدژی ئەم بارودۆخە و بەرەوپێشچوونی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی ئاسۆی بەربڵاوتری سەربەستی و رزگاری بنەخشێنێت.

لەهەلومەرجێکدا کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لەئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا لە قەیرانی رەوابوونی سیاسیدایە، بزووتنەوەی ژنان چلۆن دەتوانێت لەم دەرفەتە کەڵکوەربگرێت بۆ وەگەڕخستنی خەباتەکەی خۆی و قووڵترکردنەوەی چالاکییە دیموکراتیکەکانی لە ئاستی هەموو کۆمەڵگادا و هەروەها بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیک و هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکی ژنان؟

لەهەلومەرجێکدا کە دژبەرایەتی نێوان رژیمی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ئەمپریالیستی بەردەوام بەرەو توندبوونەوەدەچێت و مەترسی دەستێوەردانی ماڵوێرانکەرانە هەر لە گەمارۆی بەربڵاوی ئابوورییەوە بگرە هەتا شەڕی دەستدرێژیکەرانە هەڕەشە لە خەڵکی ئێراندەکات، بزووتنەوەی ژنان بە کامە ئاسۆ و بەرنامەوە دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و رێگانەدات کە وزەو هەتوانی ملیونەها ژن ببێتە پشتیوانێک بۆ کێشەو دژبەرایەتییە کۆنەپەرستانەکەی رژیمی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ئەمپریالیستی و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا؟

بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە رەوتی گەشەکردن و پەرەئەستاندنی خۆیدا بەرەورووی کۆمەڵێک کێشمەکێشی فیکری و ئایدیولۆژیک بووەتەوە.

**ئایا بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە سەرەتای سیهەمین ساڵرۆژی گەورەترین و بەرینترین خەباتی ژنان لە ساڵی 1979دا و هەروەها یەکسەد ساڵ پاش خەباتی ژنان لە بزووتنەوەی "مشروطیت"دا دەتوانێت لەسەرشانی نەوەکانی پێش خۆی بوەستێت و ئاسۆیەکی بەرین لە رزگاری و یەکسانی راستەقینەی خۆی بنەخشێنێت؟ بەکامە ئاسۆ، کامە بەرنامە و کامە رێگا چارەوە؟**

خەباتی ژنان (کارزار زنان) بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئەرکە لە تەدارەکی سێمیناردایە بۆ رۆژەکانی 6 و 7ی مارسی 2009 لەشاری ستۆکهۆلم (سوید). لێرەدا لە هەموو ژنانی چالاک کە خوازی بەشداریکردن بن داوادەکەین، بۆ پێشکەشکردنی راوبۆچوونی خۆیان و بۆ وتارخوێندنەوە ئامادەبن. سێمینارەکە بە رێپێوانێک بەمەبەستی دەربڕینی هاودەنگی لەگەڵ خەباتی ژنانی جیهان لە رۆژی هەشتی مارسدا کۆتایی پێدێت.

بۆ ناونووسین دەتوانن هەتا رۆژی 10ی دیسامبری 2008 پەیوەندی بگرن بەم ئیمەیلەی خوارەوە:

Seminar_karzar_2009@yahoo.com

خەبات (کارزار) بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسایەکی دژ بە ژنان و سزای ئیسلامی دژ بە ژنان

نۆڤەمبەری 2008

www.karzar-zanan.com

Seminar_karzar_2009@yahoo.com